شیعر



بورهان ئەحمەد

# شوێن دەستی ئەڤینی دایکم
# بەمەزراکانی دنیاوە دیارە



وەکو پەڵەیەک هەوری پەتیارە
نەزانێ کام بستە زەوی بکاتە داڵدە
عەیان نەبێ لێی توینێتی
دەستەکانی لە گەردن و مل کام باغچەدایە
نەزانێ لە کوێدا بباریێ
وەک سمۆرەیەکی سەر لێ شێواو ، لە دارستانێکدا
بەدوای گوێزەکانی ئەویندا بگەڕێ و
دوو دڵ بێ لەوەی
لە دەرگای شادەمارەکانی کام درەخت بدا
بەمووڵوولەی خوێنی کامیاندا ، بچێتە خوارێ
ئەم پایزە عەوداڵی دۆزینەوەی
وەسیەتە جێماوەکانی دایکمم
یەک بەیەک بە کێڵگەکانا دەگەڕێم

دەزانم شوێن دەستی دایکم
بە مەزراکانی ئەڤینی دونیاوە دیارە
یەک بەیەک سەر لە رووبارەکان دەدەم
سەر بە تاوێرە دڵ نەرمەکانی کەنارەکانا دەکێشم
دەچمە درزی دیوارەکانی خۆشەویستییەوە
رێرەوی هاتووچۆم دەگۆڕمە نێوان زەوی و خۆر
یەک بەیەک گیرفانی شەپۆلە نووستووەکان دەپشکنم
ئاو پێناسەی فرمێسکەکانی ئەوم بۆ دەکا
دەریاکان لەوەوە ئیلهامی سەبریان وەردەگرت
رۆمانی ئازارەکانی ئەو
نەورەس رۆی کردووەتە نێو ئۆقیانوسەکانەوە
دارستانە چرەکانی عەشق پەی دەکەم
رەزەکان دەدەمە بەر دەستڕێژی تەماشای رەحم و سۆز
دڵنیام ئیمزاکەی ئەو
بەسەر لق و چڵەکانەوە نەخشاوە
شایەتنامەی پەنجە مۆرەکەی
بەسەر سەرپاکی دەفتەری گەڵاکانەوەیە
یەقینم کتێبی قەدی درەختێک نادۆزرێتەوە
ماچەکانی ئەوی لێ هەڵنەکوڵرابێ
لە سنگ و سییەکانی گوڵەکان
هەناسە گەرمەکانی ئەو جێماوە
گەر هەموو قەرتاڵە و سەبەتەکان بگەڕێم
شرینی میوەیەک نییە
تامی رەنجی دایک ئاوێتەی نەبووبێ
کە پایز دەگاتە بەردەم پەنجەرەکانی گریان



وەختێک دەیەوێ بۆگەنی شەقام و زێرابەکان رابماڵێ
وەختێک بەنیازە تەپ و تۆزی سەر روومەتی گەڵاکان بشواتەوە
پەرداخی هەموو غەریزەکان دەشکێنم
گۆزەی هەرچی تەماحی
شەرابی هەڵگیراو گەنجێتیم هەیە
دەیکەمە خۆراکی دەریاکان
هەرچی بادەم و فستق و گوێز و کولیچەیە
هەڵیاننناگرم بۆ جەژنی قوربان و سەری ساڵ
لە ئێستاوە دابەشی دەکەمە سەر منالانی گەڕەک
ئەو منالانەی لە خوێنما خەریکی گەمە و یارین
مندالگەلێک کاسەی سەرمیان کردووەتە مەیدانی رمبازێی خۆیان
لە دەمارەکانما تۆپ تۆپێنیانە
ئاخ منالانی مەملەکەتەکەی ناو خۆم
منالانی دڤەری خۆڵ و خاشاک
زارۆکەکانی گەڕەکی زوقوم و شەختە، کۆلانی گەرمەسێر ،
شەقامی بێنازی بەر سێبەری ماتەمی
کە ژنێک دەکوژرێ
چەند دڵگیرە دایکم بە فۆتە رەشەکەیەوە
دەگەڕێتەوە هەرێمی خەیاڵدانی من
لەسەر روومەتی وێنەیەکی
باڵندەی زمان دێتە گۆ و پەیڤین :
– کوڕی خۆم
تۆ لە دڵۆپێک خوێن سڵ دەکەیتەوە
شەڕەکانی ئایندەت چۆن پێ دەکرێ ؟
شەڕی پێشێلکردنی یاساکانی زریان

جەنگی لادان لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی لافاو و رەهێڵە
گرفتی دەرچوون لە ڕێوڕەسمی ئەهریمەن
کێشەی گوێگرتن لە وتارەکانی چرا
زەحمەتی لاواندنەوەی ئاوونگ
ستاتیکای وەستان لەسەر کۆڵانەکانی گوڵدا
ئاژاوەی دابەشکردنی کۆبۆنی رۆشنایی
فۆڕمی دەستنووسی بەڕۆبۆت نەبوون
قورسایی راگرتنی دڵی ئەپارتمانەکان
قەیرانی نەبوونی کات
بۆ گوێگرتن لە سەمفۆنیای سکالانامەی نێرگز
ئاستەنگی چاندنی نەمام لە فلکەی بەختیاریدا
سەنگینی نەچوونە ژێر رکێفی تۆفانەوە
شەڕی قبوڵنەکردنی شەریعەتەکانی با
دەستووری جەنگی ژمارەکان و بازاڕەکانی بۆرسە
هەنوکە ،
بەر لەوەی پایز بەیانی باشم لێ بکات
بەرلەوەی گەواڵەیەک هەور پێم بڵێ مەرحەبا
پێش ئەوەی بروسکەیەک بروێ
بەر لەوەی گەڵایەکی وەریو
دەستە لەرزۆکەکانی خۆیم بۆ بەرزبکاتەوە
بەرپاکردنی جەنگ هەوەسم دەبزوێنێ
مەرگ دەمخاتە سەر خولیای بیرکردنەوە و هۆشمەندی
شەڕکردن لەگەڵ خۆم قوڵپ بەخوێنم دەدا
سەرەڕای ئەوەی کە هیچ شەڕێکم پێ ناکرێ
وەلێ لە فارگۆنێکی شەمەندەفەری



ئەم پایزەی بەڕێوەیە
بە تەمای کوشتنی خۆمم
بروسک پێناسەی بێدەنگیەکەی دایکمم بۆ دەکا
تووڕەیی ئەوی لە هەناوی چەخماخەکانیا جێ کردووەتەوە
مانگ حیکایەتی قسە تریفەییەکانی ئەوم بۆ دەگێڕێتەوە
نەهۆ سوراحی غەریزەکانم دەشکێنم
بە تەمای لەناوبردنی ئارەزووەکانمم
جگە لە مەراقی گەڕان بە دوای نامەکانی دایکما
نەشئەی وشک کردنی جۆگاکانی تەماح
دەمخاتە دۆخی خرۆشانەوە
بێجگە لە کانی تەماحی دۆزینەوەی وەسیەتە تینووەکانی دایکم ،
بولبول دەکەمە رابەری خۆم
خەزان دەکەمە رێنیشاندەرم
دەچمە سەرباڵی هەڵۆیەکی چاو تیژی ترەوە
کاسەی سەر کەیل دەکەم لە فێنکایی خەیاڵ
رۆشنایی دەکەمە ناوونیشان
کانی مەرەکەبی ئەندێشەم دەداتێ
لە تەختەڕەشی سنگمدا
دار زەیتوون دەکەمە ئەدرەسی ئەم بابەتەی پایز
لە بێ دایکیا
گەلێک جار دوای گەواڵەیەک کەوتووم
لە دایکم چووە
لە ژێر بارانی ئەم پایزەی بەڕێوەیە رووت دەبمەوە
گیرفانەکانی دایکم
لە باخەڵی باران تەڕتر بوو

پەلک و پرچ و پەرچەمی
لە قژ و ئەگریجەی پەلکەزێڕینە روونتر
دەهاتە شاشەی روانینمەوە
دڵی ئەو لە دڵی بەفر سپیتر
دەچووە سەر شانۆکانی ژیان
خۆی نمایشت دەکرد
نامەیەکی لەسەر رەفەکانی هەوردا دەیدۆزمەوە
وەسیەتێک لە دۆڵابەکەی هەتاودا بەر چنگم دەکەوێ
نامەیەک مانگ لە چەکمەجەی تریفەکانیا هەڵی گرتبوو
وەسیەتێک لەسەر مێزی ئەستێرەکان بەرچاوم کەوت
نامەیەک لە گیرفان پاڵتۆی باراندا جێمابوو
وەسیەتێک گەڵا بە نەزاکەتەوە دایە دەستم
نامەیەک پەپوولە بە ئەمانەتەوە گەڕاندییەوە بۆم
وەسیەتێک پەرەسێلکە بە نەوازشەوە
لەسەر باڵەکانیا دانابوو
نامەیەک کۆتر وشەکانی لەگەڵ پەرەکانی خۆیدا تێکەڵ کردبوو
چاوەڕێی هاتنی منی دەکرد
بۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتر
دوا وەسیەت
لە برپرەی پشتی میوەکاندا بینیم

